# بەبەڵگە.. وەزارەتی دارایی عێراق داوای داتای موچەی فەرمانبەران و داهات نانەوتییەکان دەکات

تەیف سامی وەزیری دارایی عێراق لەڕێگای نوسراوێکەوە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات داتای تەوتینکردنی مووچەی فەرمانبەران و داهاتە نانەوتییەکان رادەستی بەغدا بکات.

سەران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، وەزارەتی دارایی عێراق لەگەڵ لیستی موچەی مانگی شوباتی دووهەزار وبیست وپێنج و مانگەکانی دیکە داوای بەپێلەی ژمارەی بانکیی فەرمانبەران دەکات بە تەوتین بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە دادگای فیدراڵی دیاریکردوە
سەران عومەر لە هەژماری تایبەتی خۆی بڵاویکردەوە وەزارەتی دارایی عێراق بەنوسراوی ژمارە (4246 لە 17/2/2025) پشت بەست بەنوسراوەکی نوسینگەی سەرۆک وەزیران ژمارە ( 3005/251254 لە 2/2025/2) لەگەڵ لیستی موچەی مانگی شوباتی 2025 و مانگەکانی دیکە داوای بەپێلەی ژمارەی بانکیی فەرمانبەران دەکات بە توگین بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە دادگای فیدراڵی دیاریکردوە.
ئاماژەی بەوەشکردوە، وەزارەتەکە جگە لەو داوای داهاتی ناوخۆ دەکات و ڕازی نییە بەو 51 ملیار دینارەی کە بە مانگی یەکی هەرێمی کوردستان وەک داهاتی ناوخۆ گەیاندیەو بە دارایی عێراق. لەخاڵی کۆتایی نوسراوەکەی وەزارەتی دارایی عێراقدا داوای داهاتی نەوت دەکات بخرێتە سەر ئەو

هژماری وەزارەتی دارایی عێراق لە بانکی ناوەندی بژمارە (300900) کردویەتییەو.